# نوێژ لە کەنیسەدا

ماوەیەك لەمەوبەر برادەرێکی فەیلی لە ستۆکهۆڵم هاوسەرەکەی بە هۆی نەخۆشی کۆچی دواییکرد، هاوسەری ئەو برادەرە یەکێك بوولەمەسیحییەکانی کوردستان (وەك بە دواداچوونم بۆ کردووە کە گوایە لەمەسیحییەکانی دەڤەری سۆرانە، کە ئێستا گۆڤاری کوێستانی لێدەردەچێت) مەراسیمی ناشتنەکەی لەیەکێك لەگۆڕستانە گەورەکانی ستۆکهۆڵم بەڕێوەچوو، ئەوەی جێگای ئاماژە پێدانە شارەوانی ستۆکهۆڵم لە گۆڕستانی ناوبراودا دوو شوێنی تایبەتی جیای بۆ ناشتنی موسڵمانان و یەهوودییەکان تەرخان کردووە، بەڵام لەبەرئەوەی هاوسەری ئەو برادەرە مەسیحی بوو، هەردووکیشیان لەسەر ئاینی خۆیان بوون، بۆیە ئێمە هەموومان لە کەنیسەی گۆڕستانەکە کۆبووینەوە، ئەوانەی ئامادەبوون زۆربەی هەرە زۆریان موسڵمان بوون تەنیا چەند کەسێکی مەسیحی هاتبوون کە کەسوکاری ژنە کۆچکردووەکەبوون.

سەرەتا قەشەی کەنیسەکە دوعای بۆ خوێندو نوێژی مردووی بۆ کۆچکردوو کردو داوای لەخوا کرد کە لەگوناهەکانی کۆچکردوو خۆش بێت، ئەگەر گوناهی هەبێت، دەکرێت ئەمە وەك بەشێك لە تقوسی مەراسیمە ئاینیەکان وەربگیرێت بەتایبەتیش کە ژنەکە مەسیحی بوو، بەڵام ئەسڵی مەبەست لێرەیە! لە مەراسیمەکەدا مەلایەکی دوانزە عیلمی فەیلی بەجل‌وبەرگی حەوزەی شیعەکان وتارێکی زۆر جوان و سەنجڕاکێشەری پێشکەشکرد کە زیاتر باسی لە خاڵی هاوبەشی ئایینەکان کرد و تەئکیدی لەلایەنی ئینسانی ئایینەکان دەکردەوە و ئەویش بەهەمان شێوە لەدووتوێی قسەکانیدا دوعای خێری بۆ کۆچکردوو کرد، پاشان داوای لەئامادەبووان کرد کە بێنە نزیك تەرمەکە و نوێژی مردووی بۆ بکەن، نوێژ دابەسترا و قەشەکەش لە دواوە سەرنجی وردی لە نوێژ و مەراسیمی موسڵمانان دەدا، شایانی باسە ئەوانەی نوێژیانکرد زۆربەیان کوردی موسڵمانی شیعە مەزهەب بوون. ئەگەر ئەومەراسیمە لە داب‌ونەریت و تقوسە ئاینییەکان و ئەرکی پرسە رووتبکەینەوە، ئەوە هەرتەنیا دەستپێشخەرییەکە یەکێکە لە وانەجوانەکانی جیهانی پێشکەوتووی ئەوروپا، لە کوردستاندا ئەستەمە بتوانرێت قەناعەت بەگەنجێگی نوێژکەر بکرێت کە نوێژی مردوو لە کەنیسە بکات، ئینجا چ جای پیرەمێردێك لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا. ڕاستە ئەم وێنەیە بەشێکە لەمێژوو و ئاین، بەڵام وەك ڕەهەندێك لە ڕەهەندەکان تێکەولاو بە مەسەلە نەتەوەییەکانیش دەبێت، بۆ نموونە لەو باوەڕەدام ئەگەر ڕۆژنامەنووسێکی سویدی لەمەڕاسیمی ناوبراودا ئامادەببوایە، ڕەنگە بۆ ئەوڕووداوە گەورەترین هەڵڵای دەنایەوە و ئەو کاتە دەیان وت، ئەوە کوردە دیواری نێوان ئایینەکانی رووخاند.



نەوزاد عەلی ئەحمەد / سوید
Nawzad.ali@hotmail.com